# ئایا مەزنترین سورەتی قورئانت فێر بکەم؟

لە ئەبی سەعید رافیع کوڕی المعلى -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «ئایا مەزنترین سورەتی قورئانت فێر بکەم پێش ئەوەی لە مزگەوت دەربچیت؟»، دەستمی گرت، کاتێک ویستمان دەربچین، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، تۆ فەرمووت: مەزنترین سورەتی قورئانت فێر دەکەم؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «الحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالَمِينَ (واتا: سورەتی الفاتحة)، ئەمە ئەو حەوت ئایەتەیە کە زۆر دەخوێندرێت وبریتیە لە قورئان وخوێندنەوە مەزنەکە کە بە من بەخشراوە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: لە ئەبی سەعید رافیع کوڕی المعلى -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: (ئایا - ألا): ئەمیش بۆ ئاگادارکردنەوە وسەرنجڕاکێشانی ئەو کەسەیە کە قسەی لەگەڵدا دەکەیت بۆ ئەوەی ئاگا وسەرنجی لەو قسەیە بێت کە لە پاش ئەم دەستەواژەیە دەووترێت. (مەزنترین سورەتی قورئانت فێر بکەم پێش ئەوەی لە مزگەوت دەربچیت؟): ئەوەی پێووت، وسەرەتا فێری نەکرد بۆ ئەوەی بیری بۆ لای هیچ شتێکی تر نەچێت وبە تەواوەتی ئامادە بێت ئەم فێرکردنە وەربگرێت. پاشان دەڵێت: (دەستمی گرت) واتا پاش ئەوەی ئەو قسەی کرد وڕێمان کرد. (کاتێک ویستمان دەربچین، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، تۆ فەرمووت: مەزنترین سورەتی قورئانت فێر دەکەم؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «الحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالَمِينَ -واتا: سورەتی الفاتحة-) مەزنترین سورەتە چونکە کۆی هەموو مەبەستەکانی قورئانی پیرۆزی لە خۆگرتووە، بۆیە بە -أم القرآن-، واتا: -دایکی قورئان- ناسراوە، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی تایبەتمەندی ئەم سورەتەی کرد جیا لە سورەتەکانی تر کە ئەم تایبەتمەندییە هۆکارێکە بۆ ئەوەی ببێت بە مەزنترین سورەتی قورئانی پیرۆز. ئەویش ئەوەیە کە دەفەرموێت: (ئەمە -السبع المثاني- ییە، واتا: ئەمە ئەو حەوت ئایەتەیە کە زۆر دەخوێندرێت): سەبارەت بە وشەی -المثاني- ڕاڤەی زۆر کراوە لەوانەش: 1/ لە هەموو ڕکاتێکدا سورەتێکی تر لە دوای -سورەتی الفاتحة- دەخوێندرێت واتە دەبێتە جووت لەگەڵ سورەتێکی تر، 2/ چونکە لە دوو بەش پێکهاتووە: ستایشکردن ونزاکردن، 3/ چونکە کۆی کارامەیی پێکهاتە وڕەوانبێژی واتای تێدایە، 4/ چونکە هەموو کاتێک دەخوێندرێت ودووبارە دەبێتەوە لە خوێندنەوە وفێرکردندا وهەرگیز هیچ مسوڵمانێک لێی دانابڕێت، 5/ سوودەکانی گەلێک زۆرن ولە ژماردن نایەن، 6/ کۆی ستایشکردنی (ثناء)ی خوای گەورە تێدایە وستایشی خودای تێدایە بە خوێندنەوەی ناوەکانی وسیفاتەکانی، 7/ خوای گەورە تایبەتی کردووە (استثناها) بە کۆتا ئومەتی شوێنکەوتەی کۆتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وجگە لەم ڕاڤە کردنانەش ووتراوە. وکاتێک دەفەرموێت: (وبریتیە لە قورئان وخوێندنەوە مەزنەکە): واتا بەم ناوە ناونراوە. (کە بە من بەخشراوە): واتا پێمدراوە وبە تایبەت بۆ من وئومەتەکەم بەخشراوە وبە قورئانە مەزنەکە (خوێندنەوە مەزنەکە) ناوم بردووە چونکە نهێنی زۆری تێدایە لەو شتانەی پەیوەندی بە دونیا وقیامەت وئەحکام وعەقیدە وبیروباوەڕەوە هەیە.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee